# بەیانی کۆنگرەی ئازادی عیراق ،سەبارەت بە گیان لەدەست دانی هاوڕێ سامی( ابو سلام)

کاتژمێر 2و5دەقیقەی سەرلەبەیانی رۆژی 1ی ئاب ی 2006 ،هاوڕێ سامی مروش ناسراو بە ابو سلام لە تەمەنی 45 ساڵی جێ ی هێشتین، پاش ساڵێک کێشمە کێشی لەگەڵ نەخۆشی شێر پەنجە.ئێمە لە کۆنگرەی ئازادی عیراق ئازار و نیگەرانی خۆمان دەردەبڕێن بە هۆی جێهێشتنی هاوڕێمان سامی مروش ،و بەشداری خەم وپەژارەی خێزان و هاوڕیانی دەکەین بە کۆچ کردنی.

هاوڕێ سامی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی ئازادی عیراق لقی کەنەدا و سەرنووسەری رۆژنامەی " ئازادی عیراق" بوو بە زمانی ئینگلیسی ،پاشان بوو بە ئەندامی لیژنەی راپەراندنی کۆنگرە لە دەرەوە.

یەکێک بوو لە یەکەمین کەسەکانی کە بە پەرۆش بوو بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عیراق ،و زۆر شێلگیرانە پێ ی وابوو کە کۆمەڵگای عیراق رزگاری نابێت لە داگیرکاری و تیرۆر بە بێ رێکخراوێکی جەماوەری لە چەشنی کۆنگرەی ئازادی عیراق.بۆیە یەکێک بوو لە یەکەمین کەسەکان بۆ دامەزراندنی لقی کەنەدا ی کۆنگرە.سامی مروش تا دوا ساتەکانی رۆژانی دوایی ژیانی کاری دەکرد بۆ کۆنگرە وبڕیاری دەرکردنی ژمارە 4ی رۆژنامەکەی دابوو،سەرەرای هەست کردنی بە ئازاری زۆری نەخۆشیەکەی.خاوەنی ئیرادەو مەعنەویاتێکی بەرزوبەهێز بوو تا دوایین ساتەکانی ژیانی .بۆیە پێ ی وابوو دەبێت شتێ پێشکەش بە جەماوەری عیراق بکات ،سەرەرای نەخۆشیەکەی.

سامی مروش لە دایک بووی ساڵی 1961ی شاری (حمص)ی سوریایە.ساڵانێک لە ریزەکانی حیزبی شیوعی سوریاکاری کردوە وپاش ئەوەی دوریان لە گەڵ بیرکردنەوە ورێبازی دروست بوو وازی لە حیزر هێناوە.باوەری قوڵی بە مرۆڤ ودنیایەکی باشتر هەبوو، لەپێناویدا ناوچەگەری جێ هێشت و بیری لە هەل ومەرجی کۆمەڵگای عیراق و ئازارەکانی جەماوەری عیراق کردەوە.بۆیە بوو بە یەکەمین

***لێپرسراوی لقی کەنەدا ی کۆنگرەو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕەسمی ناوبراو بوو لە دەرەوەی ووڵات.***

***لەشی هاوڕێ سامی جێ ی هێشتین ،بەڵام یادگارەکانی بە نەمری وزیندوویی لە نێوماندا دەمێنن.***

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

**1ی ئاب 2006**